# دنیای منداڵان

١٤٥

د ن ی ا ی  م ن د ا ڵ ا ن

www.kurdistanukurd.com

ناوەندی منداڵپارێزیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەری دەکا





# دنیای منداڵان

گۆڤارێکی مانگانەی منداڵانە، ناوەندی
منداڵپارێزیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەری دەکا


سەرنووسەر: شیلان قوربانی فەر

دەستەی نووسەران: کاوە ئاهەنگەری، هانا وریا، نێعمەت مەلا، مینا سوڵتانزادە

وێنەی سەربەرگ: ڕۆناهی نەهری



پەیوەندی:
www.facebook.com/nawendy.mndal.paryzy.kurdistan
www.Kurdistanukurd.com

## داوایەک لە هەموو منداڵانو خوێنەرانی گۆڤاری دنیای منداڵان

منداڵە ئازیزو خۆشەویستەکان! ئەو کاتەتان باش،

خۆشەویستان! هەر وەک دەزانن گۆڤارەکەمان مانگی جارێک بە کۆمەڵێک چیرۆکو بابەتی جۆراوجۆرەوە چاپو بڵاو دەبێتەوە. جا بۆ ئەوەی گۆڤارەکەمان رەنگینترو ڕازاوەتر بێ داوا لە ئێوە ئازیزان دەکەین کە هاوکاریمان بکەنو بە ناردنی چیرۆک، شێعر، وێنەو نەققاشیو بابەتی زانستیو زانیاری، گۆڤارەکەمان جوانتر بکەن، بەڵام لە ناردنی بابەتەکانتاندا ئەو چەند تێبینییە ڕەچاو بکەن:

١_ بابەتەکە نووسینی خۆتان بێ یا وەرگێڕدراو بێ.
٢_ ئاماژە بە سەرچاوەکەی بکەن.
٣_بابەتەکانتان هی کتێبی دەرسیو گۆڤاری دیکە نەبێ.

دەستەی نووسەرانی دنیای منداڵان






مامۆستا ڕەحیم لوقمانی، نووسەر و شاعیری نەتەوەکەمان ساڵی ١٣٣٩ی هەتاوی لە سەقز لە دایک بووە و خوێندنی سەرەتایی لە گوندێکی دەوروبەری شاری سەقز تەواو کردوە. دواتر بۆ درێژدان بە خوێندن چووەتە شار و قۆناغی ناوەندی و دواناوەندیی سەرکەوتوانە بڕیوە، دواتر دەچێتە زانکۆ و لە ڕشتەی زمانو ئەدەبیاتی فارسی، لیسانس وەردەگرێ. ئەو، بۆ ماوەیەک دەبێتە مامۆستا و دەرس دەڵێتەوە، بەڵام ساڵی ١٣٦٤ بە هۆی ئەنجامدانی کاری سیاسی بۆ ماوەی ساڵێک دەکەوێتە زیندان و ماوەی ٥ ساڵیش لە وانەگوتنەوە بێبەری دەکرێ.

مامۆستا ڕەحیم دوای دەرکرانی لە پیشەکەی دەچێتە شاری ورمێ و لە گۆڤاری «سروە» دەست بەکار دەبێ‌و هەندێک لە شێعر و وتارەکانی لە گۆڤاری «سروە»دا بڵاودەبێتەوە.

دوای ٥ ساڵ، بە کەمکرانەوەی یەک لە سێی حقووقەکەی دەچێتەوە سەرکار و ڕەوانەی شاری سنە دەکرێ. مامۆستا ڕەحیم توانیویەتی خزمەتی بەرچاو بە ئەدەبیات و کتێبخانەی کوردی بکا. ساڵی ١٣٨٢ (٢٠٠٣) بەشێک لە شێعرەکانی لە کتێبێک دا بە ناوی «زامستان» بڵادەبێتەوە، بە هۆی ئەوە ئەم کتێبە خوێنەری زۆری هەبووە لە ماوەی ٢ ساڵ سێ جار چاپ دەکرێتەوە. هەروەها کۆمەڵێک لە چیرۆکەکانی یەڵماز گۆنای کردۆتە کوردی و لە ساڵی ١٣٨٣ (٢٠٠٤) چاپ کراوە. چوارینەکانی باباتاهیریشی کردوە بە کوردیی سۆرانی کە ساڵی ١٣٩٢ (٢٠١٣) چاپ کراوە. ئێستاش کۆمەڵێک شێعری بە ناوی «پشکۆی هاوار» لە ژێر چاپ دایەو ٥ کتێبی دیکەشی ئامادەی چاپن. لە زۆر فیستیڤاڵی هۆنەری‌و کۆنگرەکان بە وتار بەشداری کردوە.

هیوای ساغ و سلامەتی و تەمەن درێژی بۆ دەخوازین.

**ئا: پەیام**

# سروودێک بۆ ئاڵا

لە خۆشی یا لە ناو زیندان‌و چاڵ
لە شادی، یا لە ژینی سەخت‌و تاڵ
لە غوربەت، یا لە ناو خزم‌و لە ماڵ
لە ڕۆژو حەوتەو و گشت مانگ‌و ساڵا
هەموو بیرم ئەتۆی، ئەی خاک‌و ئاڵا

***

لە کاتی هێرشی سەر ئاوو خاکم
لە کاتی خوێن ڕژانی خەڵکی پاکم
بچەقێنن لەسەر جەستەو کەلاکم
هەتا بشنێ لە بەرزی عەرشی والا
لەوێدا تیشکی باوی خۆری ئاڵا

***

منالانی وەتەن با سەر هەڵێنن
لە ژێر ئاڵا سرودی گەل بخوێنن
لە چوار لاوە سنوران تێک شکێنن
بەرەو دونیا بەرن بانگ‌و سکاڵ
وەهایە ڕەمزی یەک بوونتان، بە ئاڵا

***

دەبا ئەرتەش دروست کەین پڕ چەک وچۆل
بپارێزن وڵات‌و خاک‌و هەم خۆڵ
لە دەستی دوژمنی بێگانە و زۆڵ
بژین پێشمەرگە و هێزی هەڤاڵا
بە بوونی ئێوە ئەورۆ، بەرزە ئاڵا

***

بە چوار ڕەنگت قەسەم تا ماوە ژیانم
فیدای تۆ بێ سەرو ماڵ و گیانم
نیهایەت تۆی هەموو ئاواتەکانم
کە مردم وا لە دەوری بەژن و باڵا
کفن پێچم کە، بەو چوار ڕەنگی ئاڵا

**خاڵە قازی**

# هەوار و هەنگ

حیکمەت لەگەڵ ماڵی نەنکی چووبووە کوێستان و لەنێو ماڵێکی سەیردا شەو و ڕۆژی دەکردەوە. بەڵام ئەو ماڵەی باپیری زۆر فێنک بوو. شەوانە دەنگی مەڕ و سەگ دەهات و جار جارەش دەنگی بۆق و شتی سەیر سەیری دەبیست بەڵام لەبەر ئەوەی لە لای نەنکی دەخەوت و ئەو ئاگای لێ دەبوو، قەت نەدەترسا. ئێوارەیەک کە خاڵی هاتەوە و مەڕەکانی لە شوێنی خۆیان کردەوە، حیکمەتی لەگەڵ خۆی بردە بن دارەکانی ئەو بەری خۆیان و لەوێ چەند سندووقی داری بچووکی نیشاندا کە ڕەنگ کرابوون پیشان دا کە هەنگە جوانەکان خۆیان بە کونێکی بچووکدا دەکرد و دەچوونە نێوی. خاڵی، لیباسێکی ئەوەندە سەیری لەبەر کرد کە حیکمەت هەر پێی پێدەکەنی و قوماری پێ دەکرد. لە کۆتاییدا خاڵی وە قسە هات و وتی: ئەرێ ئەوە بەچی پێ دەکەنی تۆ؟!

ئەویش بە پێکەنینەوە وڵامی دایەوە: ئەوە چیە لەبەرت کردوە؟ زۆر سەیرە!.

خاڵی چاوێکی لە خۆی کرد و وتی: ئەوە لەبەر ئەو هەنگانە لەبەرم کردوە کە پێم وەنەدەن و نەمگەزن....

ئەویش کە هێشتا هەر پێ دەکەنی وتی: بۆ ئەوانە دەگەزن؟! ئەی بۆ دەڵێن ئەوانەی کە هەنگوین ساز دەکەن کاریان بە کەس نیە؟!

خاڵی پێکەنی و دەرگای سندووقەکەی داخستەوە و بەرەو ماڵەوە گەڕانەوە. لە کاتی ڕۆیشتن بەرەو ماڵە سەیر و سەمەرەکە کە دواتر زانی پێی دەوترێ «تاوڵ». خالی بۆی باس کرد کە هەنگ چیە و بۆچی پێوەدەدا. ئەو ساڵە لە هەوار زۆر شت فێر بوو بەڵام هەنگوینی ئەو هەنگانەی زۆر پێخۆش بوو. جارێکیان کە لەگەڵ خاڵی چووە لای هەنگەکان، یەکیان لێی توورە بوو. هات و یەکراست بە پشتە دەستی وەدا. حیکمەت زۆر گریا و تاکوو یەک دوو ڕۆژان دەستی هەر ئازاری





هەبوو و وەکوو تۆپی فوتباڵ هەڵمسابوو. نەنکی زوو زوو شیر و پەنیر و ماستی مەڕی دەدایە. هەموو ئەوانەشی لە هەوار ساز دەکرد. حیکمەت پێی سەیر بوو کە بۆچی باپیر و نەنکی لەجیاتی مەڵهەم، قوڕی لە دەستی هەڵدەسوون.

ڕۆژێکیان کە گەڕابۆوە ماڵێ، بە دایکی وت: دایە دەزانی باپیر و نەنکم لەجیاتی مەڵهەم قوڕیان لە دەستم هەڵسووی؟!

دایکی پێکەنی و وتی: بەو قوڕە جێگای ژانی هەنگەکە چاک دەبێتەوە. دواتر دایکی حیکمەت بۆی باس کرد کە قوڕ لە کاتی ئاوادا کە زەرگەتە یان هەنگ پێتەوەدا باشترین دەرمانە و جاری واشە ئودکلۆن یان عەتری لێ دەدەن.

نێعمەت مەلا

سڵاو منداڵەکان

قوتابخانەکان بەستراون و ئێوە ئێستا لە پشووی هاوینەدان. لە ساڵی رابردوودا ئێوە جانتایەکتان پێ بووە کە پێی دەڵێن "School Bag ".



ئەم جارە دەمانەوێ باسی ئەم جانتایە بکەین.

What is in your school bag?



چی لە نێو جانتای قوتابخانەکەت دایە؟

Sharpener قەلەمتراش



Pencil box قوتوی قەلەم



Book کتێب (پەرتووک)

Pen خودکار ( پێنووس)

Pencil قەڵەمی دار





Ruler خەت کێش

Eraser پاک کەرەوە

Notebook دەفتەر




**کاوە ئاهەنگەری**

## جیاوازییەکانی نێوان ئەم دوو وێنەیە ببیننەوەو
## بە دڵی خۆتان ڕەنگی بکەن!





# مامۆستا

مامۆستای دڵسۆزی من
ئەی هاوڕێی بەسۆزی من
تۆ بارانی بەهاری
بۆ فێر بوونم دەباری
زانست دێنی بۆ ژینم
دنیای تازە دەبینم
ژینی خۆت دەسووتێنی
ڕووناکیمان بۆ دێنی
خۆت کە داری سێبەریت
لە ژینی خۆش بێبەریت
ئەوانەی پێنەزانن
نرخی بەرزیت نازانن
مامۆستای خاوەن هەستم
بەڵام من دەتپەرەستم
خاکی بەر پاکەی ئێوە
سەری شاکانی پێوە

**ڕەحیم لوقمانی**

دنیای منداڵان
ژماره ١٤٥- پووشپەڕی ١٣٩٣

# شێوازی خەوتنی گیانداران











ناسکە، بە  ی لەو دیو  دەڕوانی.

سەیری  ی دەکرد کە کوڕەکان بە جلی وەرزشییەوە، یاری تۆپی پێیان لێ‌دەکرد.

 چەند ئازاو بوێرانە هەنگاو هەڵدێننەوە و ڕادەکەن و باز دەدەن و تۆپەکە دەگرنەوە.

ناسکە و کچانی تریش لە ماڵە تاریکەکانیان دا خەریکی  کانیانن‌و یارمەتی دایکیان دەدەن لە کارو باری ماڵەوەدا.

ناسکە، ئارەزووی دەکرد کە وەک کوڕەکان وەرزش بکات و لە جیاتی جلێکی پەمەیی پەڕ پەڕ و داوێن چین چین،  وێڕای هاوڕێکانی بە دووای  دا ڕا بکات.

ناسکە لە لای هاوڕێکانی نەیدەوێرا باسی یارییەکانی 

بکات، ئاخر کوڕە هاوپۆلییەکانی لە قاقای پێکەنینیان دەدا و بە گاڵتەوە پێیان دەگوت:- «ئەتۆش سەیری فووتباڵ دەکەی؟!»، کچانی هاوپۆلیشی سەیری یەکتریان دەکرد و دەیانگوت:- «کچ و وەرزشیان نەکوتووە».

ناسکە حەزی لێ بوو بەیانیان کە لە خەو هەڵدەستێت لە جیاتی  کردنی پرچەکانی، وەرزش ماوەیەک بۆ تەرخان بکات.

ناسکە حەزی لێ بوو لەجیاتی لەبەرکردنی  کە ڕێ لە هەڵگرتنی هەنگاوی

گەورە و ڕاکردن دەدات،  ی لەبەر کردایە.

ئەو حەزی لە تەقە تەقی  سوورەکانی نەدەکرد و، پێی خۆش بوو باوکی

لەجیاتی ئەوان، جووتێک  کڕیبایە، ئاخر ئەم پێلاوە سوورانە هەموو

پەنجەکانی پێیە ناسکەکانی ناسکەیان بریندار کردبوو.

ناسکە حەزی لێ بوو لە قوتابخانە و لە کاتی حەسانەوە و پشوو دا، لە جیاتی ئەوەی

لەگەڵ کچەکان دا لە ژوورەوە دابنیشێت، بچێتە دەرەوە و یاری گرتن گرتنێ بکات.

ناسکە بێزار بوو لەو دیارییانەی کەلە  و  و  و

گوڵەسەری قژ زیاتر، هیچی تریان تێدا نەبوو.

ناسکە ئارەزووی دەکرد وەکو خەباتی برای  ی لێخوڕیبایە.

شەو هات و ناسکە زۆر ماندوو بوو، بە ئارامی سەری لەسەر  دانا و خەوی
لێکەوت.

ناسکە خەوی بە کوڕ بوونەوە بینی، ئەو ئێستا  کانی ناناسێتەوە و هیچ
یەک لەوانە لە باوەش ناکات.

بە ڕۆژانەش بە دوای  و  کانەوەیەو هێلانەکانیان لێ

تێک دەدات و بە بەرد و قۆچەقانی ئەوان دەکوژێت.

ناسکە ئیتر وەک  یارمەتی  ماندووەکەی نادات و

لەگەڵ خواردنی نانی ئێوارە خەریکی یاریکردن بە  یەکانییەتی.

 ئیتر  ناخوێنێتەوە و بەردەوام لە  ی بەر

دەرگای ماڵەکەیان دەدات.

 ئیتر  لەبەر ناکات.

 ئیتر  ی ناو باخچەکەیان ئاو نادات و چیتر یاری لەگەڵ

 ی دروسیێکەیان ناکات.

**هانا وریا**

# قسەی خۆش بۆ پێکەنین!

بە مێشوولەیان گوت:
ئەری تۆ بۆ لە زستاندا
دیار نی؟
دەڵێ: لە هاویندا
هێندەتان خۆش دەوێم
و لەگەڵم باشن لە
زستانیشدا بێمەوە؟!

دوو ساردی پێکەوە
شەڕیان دەبێ. ساردییە
زەردەکە بە ساردییە
ڕەشەکە دەڵێ ئەو
ڕەنگەت بۆ وا ڕەش
هەڵگەڕاوە خۆ هێشتا
لێمنەداوی؟!

**دوو هاوڕێ**

یەکیان بە هاوڕێکەی گوت:
تا ئێستا بە کام ئاواتی منداڵیت
گەیشتووی؟
ئەوی دیکە گوتی: بە بچووکی
کە دایکم سەری بۆ شانە دەکرم
ئاواتم ئەوە بوو کەچەڵ بمو
ئێستا کەچەڵ بووم

دیاریی نارین کەنکاش

# مەتەڵ

ئەوە چییە کە لە
شووشە دەدرێ بەڵام
شووشەکە ناشکێنێ؟

ئەوە چییە کە چاوی نییە بەڵام دەگری،
لاقی نییەو دەتوانێ بڕوا؟

ئەوە چییە نە دەتوانی ببینی،
نە دەتوانی دەستی لێبدەی،
بەڵام بۆ هەموو شتێک پێویستەو
لە هەموو شوێنێکیش هەیە؟

# ئێمە ڕۆڵەی کوردین

**( نامەی منداڵێکی کورد لە ژمارە ٣ی گۆڤاری گروگاڵی منداڵان، ١ی پووشپەری ساڵی ١٣٢٥، سەردەمی کۆماری کوردستان بڵاوبۆتەوە)**

ئێمە ڕۆڵەی کوردین، کوردستانی مەزن نیشتمانی ئێمەیە، چارەنووسی ئەو نیشتمانە خۆشەویستە لەدوا ڕۆژدا دەکەوێتە بەر دەستی ئێمە. بۆ دوارۆژ بەرپرسایەتی پارێزگاری و ڕاگرتنی سەربەرزی و ئازادی کوردستان لە ئەستۆی ئێمەیە.
ئازادی ئەوڕۆی کوردستان کە مایەی خۆشبەختی ئێمەیەو نەتەوەکەمانە، بە خوێنی گەنجانو لاوانی کورد و کۆششو فیداکاری پیاوانی ڕەشید هاتۆتە بەرهەمو بە ئێمە دەسپێردرێ کە هەمیشە بەرزو بڵیندی ڕابگرین.
ئەگەر بێتو بە چاکی نەتوانین ئەو گەوهەرە گرانبەهایە پارێزگاری بکەین، لە بەرانبەر خودا، نیشتمانو گیانی شەهیدانی ڕێی ئازادی ڕووزەرد و سەربەرەژێر دەبین.
جا خۆ ئێمەش بە خۆمان دەڵێین ڕۆڵەی کورد، ڕۆڵەی کوردیش ژیانی بۆ سەربەرزی نیشتمانو مردنی لە ڕێگەی ئازادیو خۆشبەختی کوردستان بووە. ئێمەش ڕۆڵەی ئەو پیاوە ڕەشیدانەین، کە لە پێناو ئازادی کورد هەڵاوەسراونو مردنیان لە ژیانی دیلی و چارەڕەشی پێ چاکتر بووە. ئێمەش هەرگیز ڕازی نابین ناوی پاکی کورد بە ئێمەوە پەڵەداربێت، ئێمەش وەک باب و باپیرانمان بۆ کورد دەژینو لە ڕێی بەرزییەتی کوردستانیش دا سەردەنێینەوە.
بۆ ئەوەی بەو ئامانجە بگەین هەر لە ئێستاوە خۆمان بە زانست و هونەر پەروەردە دەکەین، تا هێزی نیشتمانپەروەریو گیانبازیمان قەویتر و بە هۆی زانست و فیداکاری بتوانین لە دوارۆژدا بە سەر وەزیفەی موقەدەسی خۆماندا زاڵ بین.

محەمەد ئازەر

# باڵندەکان هێڵانەکانیان چۆن ساز دەکەن؟

بەشێکی زۆر لە باڵندەکان هێلانەکانیان لە نێو لق و پۆپ و گەڵای دارەکان دا دروست دەکەن وبەم جۆرە بێچووەکانیان دەپارێزن.

ئەوان لەو کەرەسانەی خوارەوە بۆ دروست کردنی هێلانەکانیان کەڵک وەردەگرن: گەڵا تیژەکانی دارسەنەوبەر، گەڵای دار، گڵو قوڕ، پەڕ، تانی جاڵجاڵۆکە، قەوزە، پووشکەی ویشک و کوتەپەڕۆ و ..

بەزۆری باڵندە نێرینەکان شوێنی هێلانەکان دەدۆزنەوە و باڵندە مێینەکانیش سازیان دەکەن و کەرەسەی پێویستیان بۆ کۆ دەکەنەوە.

جۆری هێلانە و کەرەسەی پێویستی هێلانەکان پێوەندیی بەجۆری باڵندەکانەوە هەیە، بۆ نموونە پەرەسیلکە هێلانەکەی خۆی لە قوڕ و چیلکە دروست دەکا.

**وەرگیراو لە کۆشکی منداڵان**









# سڵاوی بێ وڵام



سوقرات، حەکیمی بەناوبانگی یۆنانی، ڕۆژێک پیاوێکی بینی کە زۆر تووڕە و خەمبارە. لێی پرسی ئەوە چییە بۆ تووڕەو غەمباری؟ کابرای غەمبار وەڵامی دایەوەو وتی : «لە ڕێگایە تووشی ئاشنایەک بووم و سڵاوم لێکرد، کەچی وڵامی نەدامەوە، بە لامدا تێپەڕیو هەر گوێشی نەدامێ! بەم ڕەفتارەی زۆر تووڕە و دڵگران بووم.

سوقرات پرسی: «بۆچی تووره بووی؟»

کابراش وەڵامی دایەوەو وتی:» ئاشکرایە هەموو کەس بەم ڕەفتارە ناڕەحەت دەبێت».

سوقرات وتی: «ئەدی ئەگەر لە ڕێگادا پیاوێکت دیتبا کە نەخۆشە و لەتاو ئازار کەوتوە، چیت دەکرد، ناڕەحەت دەبووی؟ دڵت لێی دێشا؟و دڵگران دەبووی لێی؟»

پیاوەکە وتی: «ناوەڵڵا جا بۆ نارەحەت بم؟! مرۆڤ لە نەخۆش بوونی کەسێک تووڕەو نارەحەت نابێ؟!»
سوقرات وتی: «ئەدی ئەگەر تووڕە نەبای چ هەستێکی ترت دەبوو؟! هەستت بە چی دەکرد؟
پیاوەکە وتی:»بەزەییم پێیدا دەهاتەوە و هەوڵم دەدا بیگەیەنمە لای دوکتورێک یان بە دەرمانێک شتێک چارەسەرم دەکرد».

سوقرات وتی: «ئەوانەت ئەنجام دەدا چونکە پێتوابووئەو کەسە نەخۆشەو پێویستی بە دەرمانە، بەڵام ئایا مرۆڤەکان تەنیا جەستەیان نەخۆش دەبێت؟! پێت وا نییە ئەوانەی رەفتاریان ناشیرینە، دەروونیان پێویستی بە دەرمان و چارەسەرە»؟!
ئەگەر کەسێک بیرکردنەوەی ڕاست و دروست بێ، ئەگەر لە ڕووی دەروونییەوە ساغ و سەلامەت بێ، قەت ڕەفتاری ناشیرین ئەنجام دەدات؟! بیرکردنەوەی هەڵە نەخۆشییەکی دەروونییە، بۆیە دەبێت لە جیاتی دڵ ئێشان و دڵگران بوون لەو کەسەی کە گوێت پێ نادات و ڕەفتاری نەشیاو ئەنجام دەدات، پێویستە بە دوکتوری دەروونیی نیشان بدرێ و دەرمان بکرێ.
بۆیە لە کەسانی وا نارەحەت و دڵگران مەبە، ئارامیی خۆت بپارێزە و ئەوەش بزانە کە هەر کەس خراپە دەکات بەرامبەرت، ئەوە نەخۆشەو پێویستی بە دەرمانە.

**وەرگێڕانی: هانا وریا**

# کاردەستی





شەنیا محەممەدی



هەندی هاوکار



سەما پەیڕەوان



ئەشکینو ئارین لوتفی



ئاڵا حەبیبزادە



لارا سوارە



ئاراز کەریمزادە



وەنەوشە کارساز



ماردین باریکی



ئارسان بێهروزی



نیان و نەوا نادر شێخە



ڕۆژان ئەسپۆردە



کیان خانزادی



سەناریا خزرپوور



خانی سۆفی

